ئەم لاپەڕەیە جەمال نەقشبەندی ئامادەی دەکات

# نامەی منداڵێکی کورد بۆ سەرۆک بارزانی

**کاکە سەرۆک گیان سڵاو**

ئەمن ناوم سەرۆکە، خەڵکی شاری شنۆم، بەڵامماڵمان لە فینلەندایە، تازە بوومەتە حەوت ساڵ، جاران هەر لە بابم دەپرسی بۆچی ناوی من سەرۆکە؟ سەرۆک یانی چی؟ بابم دەیگوت بە خاتری ناوی سەرۆک بارزانی، تۆی نەدەگوت ها، سەرۆکەکەی دیکەی دەگوت، ئەوەی لە تۆ گەورەترە، ئەمن ئەویش دەناسم، لە تیڤیدا دیتوومە.

ئەو رۆژانە کە وێنەکەی تۆ لە هەموو کەناڵەکان هەبوو، لە بابم پرسی بۆچی وایە؟ گوتی قەرارە دیسان خەڵک بیکەن بە پرێزیدێنتی کوردستان، ئێستا دەزانم تۆ پرێزیدێنتی کوردستانی، کوردستانیش وڵاتی منە، قەی ناکا ماڵتان لە هەولێر، بابم دەڵێ ئێمەش دەتوانین ماڵمان لە هەولێر بێ، دەزانم ئێوەش ماڵتان لە شنۆ هەیە، پێمخۆش بوو ماڵمان لە هەولێر بێ، جا پۆلیسی کوردیش دەبینم و قسەی لەگەڵ دەکەم، هیچ لێی ناترسێم، ئاخر لە تورکیا پۆلیس لەبەر ناوی من بابمی ئازار دەدا، نازانم بۆ؟ ئەوان زۆر خەتەر بوون، تۆ نەتدیون، بەڵام ئێستا ناترسێم چونکە پرێزیدێنتمان هەیە، بابم دەڵێ تۆ لەکەس ناترسێی. کاکە سەرۆک بابم هەموو رۆژێ لەگەڵم شەڕ دەکات، لە تورکیاش نەیدەهێشت چاو لە کەناڵی تورکی بکەم و لێرەش ناهێڵی چاو لە کەناڵی عەرەبی بکەم، هەر دەڵێی کوردی کوردی، دەڵێی عەیبە ناوت سەرۆک بێ و کوردی باش نەزانی، بەڵام کوردی کەمێ دەزانم ئێستا لە کارتۆنی شرێک جوان حاڵی دەبم، بەڵام خەتای من نییە، من لەو شارە رەفیقی کوردم نییە، بابم دەڵێی من زمانی کوردی لە کارتۆنی کوردی فێر بووم، کەناڵی کوردیش هەموو رۆژێ سەعاتێک کارتۆنی کوردی نیشان دەدا، بەڵام کەناڵەکانی دیکە لە بەیانی را، تا ئێوارە هەر کارتۆنیان هەیە. کە بە بابم دەڵێم بۆ کەناڵی وامان نییە؟ دەڵێی دەبێ بە تۆ بڵێم، بابم بە قسەی من ناکات، بۆیە منیش نامە بۆ تۆ دەنووسم، ئاخر من و زاگرۆس کوردی باش نازانین، زاگرۆس هەر دەزانێ بڵێ (پاس) یانی سپاس، ئەو چوکەیە و لێرە لە دایک بووە، تازە بووتە ٣ ساڵ، ئاها شتێکی دیکەش دەزانێ، دەزانی بڵێی (من جیاوازم) ئەویش لە تیڤی فێر بووە. ئەگەر جوابی نامەکەم نەدەیەوە، بۆ خۆم دێمە ماڵتان، هەر پێت دەڵێم هەر پێت دەڵێم، بابم دەزانی ماڵتان لە کوێیە، بۆ خۆم دێم بزانم کوڕی چوکەشت هەیە؟

**(ئەم نامەیە لە لایەن باوکی سەرۆکەوە لە ماڵپەڕی بۆ رۆژهەڵات بڵاو کراوەتەوە).**

## نیگەرانی ریفۆرمخوازانی کورد لە دۆخی عەبدوڵڵا رەمەزان زادە

**ئەنجومەنی رێکخستنی ریفۆرمخوازانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەیاننامەیەکدا نیگەرانی خۆی سەبارەت بە نالەباری دۆخی تەندروستی سەرۆکی ئەو رێکخراوە دەردەبڕێت.**

دکتۆر عەبدوڵڵا رەمەزان زادە کە خەڵکی پارێزگای سنەیە، یەکێکە لە ریفۆرمخوازە کوردەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان کە بۆ ماوەیەک پارێزگاری پارێزگەی سنە بووە و لە کاتی سەرۆک کۆماری خاتەمیدا گەیشتە پۆستی گوتەبێژی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی و پاش هەڵبژاردنی دەیەمین سەرۆک کۆماری ئیسلامی ئێران و ئەو ناڕەزایەتییە گەورەیە کە لێیکەوتەوە ئێستاش بەردەوامە، لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە وەک سەرکردەکانی شەپۆلی سەوز قۆڵبەستکراوە و ماوەیەکی زۆرە لە گرتووخانەدایە.

بەپێی بەیاننامەی رێکخراوی ریفۆرمخوازەکانی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە دکتۆر رەمەزان زادە سەرۆکایەتی ئەو رێکخراوە دەکات، بارودۆخی تەندروستی تێکچووە و گیانی لە مەترسیدایە. ئەنجومەنی ریفۆرمخوازانی کورد لە بەیاننامەکەدا هیوای خواستووە کە دکتۆر رەمەزان زادە بە زووترین کات ئازاد بکرێت.

# ئاکیف بەکی: ئەگەر PKK چەک دابنێت پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد خێراتر دەبێت

**راوێژکاری پێشووی سەرۆک وەزیرانی تورکیا و نووسەری رۆژنامەی رادیکاڵ رایدەگەیەنێت کە سەرۆک وەزیرانی تورکیا سوورە لەسەر چارەسەرکردنی کێشەی کورد و ئەگەر PKK چەک دابنێت پرۆسەکە خێراتر دەبێت.**



ئاکیف بەکی، راوێژکار و گوتەبێژی پێشووی رەجەب تەیب ئەردۆگانی سەرۆک وەزیرانی تورکیا لە لێدوانێکی رۆژنامەوانیدا رایگەیاند، ئەگەر PKK چەک دابنێت پرۆسەی چارەسەرکردنی کێشەی کورد لە تورکیا کە بە کرانەوەی کورد ناسراوە، خێراتر دەبێت و مەودایەکی دوور دێتەبڕین و پێویستە لەسەر چەکدانانی PKK سەودا و مامەڵە نەکرێت، گوتیشی "PKk رێکخراوێکی نایاساییە و ناکرێت لەگەڵ دەوڵەتێکی وەک تورکیا بەراورد بکرێت".

ئاکیف بەکی لە وەڵامی ئەو پرسیارە کە پرۆژەکەی سەرۆک وەزیرانی تورکیا بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد چۆن هەڵدەسەنگێنێت گوتی "ئێستا لە تورکیا کەشێکی باش لە ئارادایە، پاش هەلومەرجەکانی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی ئێمە گەیشتووینەتە ئەم قۆناغە و پێویستە چارەسەرێک بدۆزینەوە، ئەم هەلەش بە لای ئێمەوە زۆر گرنگە و ئەگەر ئەم هەلە لەدەست بچێت نرخێکی زۆر گرانمان لەسەر دەکەوێت، هەروەها سەبارەت بە چۆنیەتی بیرکردنەوەی ئەردۆگان لەسەر ئەم کێشەیە گوتی "سەرۆک وەزیران ویستێکی بڕیاردەرانەی بەرامبەر بە مەسەلەکە هەیە و گومانی تێدا نییە کە ئەو هەڵوێستە رۆڵی دەبێت لە هەنگاو هاویشتن بەرەو چارەسەر، بەڵام پێویستە ئاگاداری ئەوانە بین، کە دەیانەوێت پرۆسەکە تێک بدەن، بەڵام ئەردۆگان هەوڵی ئەوە دەدات کە ئەرکی مێژوویی خۆی جێبەجێ بکات، (PKK) ش دەبێ بزانێت کە گەیاندنی داخوازییەکان بەو ئاستەی کە بە کەس جێبەجێ نەکرێت، سوودی بۆ کەس نابێت.

راوێژکار و گوتەبێژی پێشووی تورکیا لە وەڵامی ئەو پرسیارەدا کە چۆن پرۆسەی کرانەوەی کوردی خێراتر دەبێت، رای خۆی بەم شێوەیە دەربڕی "ئەگەر PKK چەک دابنێت پرۆسەکە خێراتر دەبێت و رێگەیەکی باش دەبڕێت، لەم وڵاتە هەموو کەس مافی خۆی وەرگرتووە، تەنیا کورد نەبێت کە کەمترین مافی بەرکەوتووە، بەڵام چیتر سیاسەتی نکۆڵیکردن نەماوە، بە تیرۆر و شەڕیش کێشەکە چارەسەر ناکرێت، کێشەکەش ئەمڕۆ و سبەی چارەسەر نابێت و کاتی دەوێت.

سەبارەت بە نەخشە رێگەی ئۆجەلان و ئەوەی کە دەیڵێت پێویستە کورد هێزی پاراستنی خۆی هەبێت، گوتی "ئەگەر شتێکی بەو شێوەیە لە نەخشە رێگەی ئۆجەلاندا هەبێت بۆ من جێگەی سەرسوڕمانە، ئۆجەلان لە لایەکەوە دەڵێت فیدراڵیمان ناوێت و لە لایەکی دیکەوە دەڵێ "کورد پێویستە هێزی چەکداری خۆی هەبێت، ئایا دەکرێت دوو هێزی سەربازی جیاواز لە وڵاتێکدا هەبێت و بە رای من ئۆجەلان ئەوەی بۆ تاقیکردنەوەی رای گشتی گوتووە".

## کۆچی دوایی سیاسەتمەدارێکی رۆژهەڵاتی کوردستان



**سەنار مامەدی، سیاسەتمەداری رۆژهەڵاتی کوردستان لە تەمەنی ٨٥ساڵیدا لە سوید کۆچی دوایی کرد**

سەنار مامەدی سیاسەتمەداری رۆژهەڵاتی کوردستان لە وڵاتی سوید کۆچی دوایی کرد و لە رێوڕەسمێکی بەرفراواندا لە شاری (Kungsangen) بەبەشداریکردنی هاوڕێ و هاوسەنگەرانی پێشووی بە خاک سپێردرا.

سەنار مامەدی ساڵی ١٩٢٤ لە گوندی حاجی جەفان سەر بە شاری سەلماس لە دایکبووە و لە تەمەنی ١٧ ساڵانەوە هاتووەتە نێوان ریزی تێکۆشەرانی سیاسی و سەربازی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان.

# شەڕ و پێکدادانی پێشمەرگەکانی رۆژهەڵات لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران

**لە شەڕ و پێکدادانی نێوان پێشمەرگەکانی (٣) حزبی رۆژهەڵاتی کوردستان بەلایەنی کەمەوە (١٠) پێشمەرگە گیانیان لەدەستدەدەن.**

بەپێی هەواڵی سایتی (بۆ رۆژهەڵات) شەوی هەینی لەسەر شەممە پۆلێک لە پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان لەسەر جادەی سنە — کامیاران دەکەونە ناو کەمینی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و لە شەڕ و پێکدادانەکەدا چوار پێشمەرگەی ئەو حزبە دێنە کوشتن. لە لایەکی دیکەشەوە بەپێی هەواڵەکان لە ئاکامی تێکەهەڵچوونی رۆژی چوارشەممە ٢٨ گەلاوێژ لەنێوان پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان و هێزەکانی سوپای پاسداران لە ناوچەی کامیاراندا چوار پێشمەرگەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان گیانی خۆیان لەدەستدەدەن.



سەرچاوە رۆژهەڵاتییەکان ئەوەشیان راگەیاندووە کە لە ناوچەی سەقزیشدا شەڕ و پێکدادان لە نێوان پێشمەرگەکانی حزبی دیموکراتی کوردستان و هێزەکانی سوپای پاسداران روویداوە، بەپێی هەواڵی ناوەندی هەواڵی سەقز رۆژی شەممە ٨/٢٠ لە ناوچەی فەیزوڵا بەگی سەقز، هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران و پێشمەرگەکانی حزبی دیموکرات بەشەڕهاتوون، کە لەو پێکدادانەدا ٧ پاسداری سوپای پاسداران و ٤ پێشمەرگە هاتوونەتە کوشتن. جێگەی ئاماژەیە کە رۆژی ٢٨ ی گەلاوێژ ساڵهاتی فەتوای ئایەتوڵڵا خومەینییە بۆ هێرشکردنە سەر رۆژهەڵاتی کوردستان و خەڵکی رۆژهەڵات، هەموو ساڵێک لە ساڵهاتی ئەو فەتوا و هێرشەدا هەندێ چالاکی سیاسی دەردەبڕن و رەنگە هاتووچۆی پێشمەرگەی حزبە رۆژهەڵاتییەکان لەو بڕوارەدا هەر بۆ ئەم مەبەستە بووبێت.

# فەرهاد تونج لە نامەیەکدا بۆ وەزیری ناوخۆی تورکیا ناڕەزایەتی خۆی دەردەبڕێت

**فەرهاد تونج گۆرانیبێژی بەناوبانگی باکووری کوردستان پاش قەدەغەکردنی کۆنسێرتەکەی لە ناوچەی تورگوتلو، لە نامەیەکدا بۆ وەزیری ناوخۆی تورکیا ناڕەزایەتی خۆی سەبارەت بەو رێگەپێنەدانە دەردەبڕێت.**

فەرهاد تونج گۆرانیبێژی ناسراوی باکووری کوردستان بە بۆنەی قەدەغەکردنی کۆنسێرتێکەوە لە ناوچەی تورگوتلو سەر بە پارێزگای مانیسا، نامەیەکی ئاراستەی وەزیری ناوخۆی تورکیا بەشیر ئاتالای کردووە و تێیدا ناڕەزایەتی خۆی سەبارەت بەو رێگەپێنەدانە دەردەبڕێت. بەپێی بڵاوکراوەی ئاژانسی هەواڵی جیهانی تورکی، تونج لە نامەکەیدا وێڕای ناڕەزایەتی دەربڕین لەمەڕ ئەو رێگەپێنەدانە بۆ بەڕێوەچوونی کۆنسێرتەکەی کە مۆڵەتی یاسایی بۆ وەرگیرابوو، گوتی "من وەک هونەرمەندێک شایەنی ئەوەنیم تا ئەو رادەیە سووکایەتیم پێبکرێت. هەر لەو دەقەدا کە لە لایەن ئاژانسی ناوبراوەوە بڵاوکراوەتەوە، فەرهاد تونج دەڵێت "دەمەوێت ئەوەتان بۆ روون بکەمەوە کە ئەم عەقڵییەتە لەگەڵ ئەو پرۆسە دیموکراسییەدا ناگونجێت کە ئێوە دەستتان پێکردووە". تونج گوتیشی "پێتان رادەگەیەنم من گرنگی دەدەم بە هەوڵەکانتان بۆ بەدیهێنانی تورکیایەکی ئازاد و دیموکراتی کە بتوانین برایانە تێیدا بژین".